# أثر استراتيجية عين العقل في تحصيل قواعد اللغة الكردية لدى طالبات الصف الخامس الاعدادي ودافعيتهن للمادة

**فاطمة حسون سدخان الخليفاوي**
Fatima.Hasson2306m@ircoedu.uobagh
dad.edu.iqba
**أ.د. علي داود جوامير**
**جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد**

**الملخص**

يهدف البحث الحالي الى معرفة ما يلي (اثر استراتيجية عين العقل في تحصيل قواعد اللغة الكردية لدى طالبات الصف الخامس الاعدادي ودافعيتهن للمادة) ولتحقيق هدفا البحث اختارت الباحثة المنهج التجريبي وتم صياغة الفرضيتين الصفريتين.

وتمثل مجتمع البحث الحالي بطالبات الصف الخامس الاعدادي/الفرع العلمي في المدارس الاعدادية والثانوية الحكومية النهارية التابعة للمديرية العامة لتربية بغداد الرصافة/الثالثة ،للعام الدراسي (٢٠٢٤-٢٠٢٥) وتم اختيار (اعدادية الفضيلة للبنات) قصديا ،واختيرت الشعبتين (أ-ب) عشوائيا لتمثل شعبة (أ) المجموعة التجريبية البالغ عددها (٣٠) طالبة والتي درست وفق استراتيجية عين العقل ،وشعبة (ب) لتمثل المجموعة الضابطة البالغ عددها (٣٠) طالبة والتي درست وفق الطريقة الاعتيادية ،طبقت التجربة في الكورس الدراسي الاول للعام الدراسي (٢٠٢٤-٢٠٢٥) درست الباحثة بنفسها مجموعتي البحث وكافأت مجموعتي البحث في عدد من المتغيرات منها ( العمر الزمني للطالبات محسوبا بالأشهر، التحصيل الدراسي للآباء والامهات ،درجات العام الدراسي السابق، اختبار الذكاء، الدافعية نحو المادة)، وبعد تحديد المادة العلمية صاغت الباحثة الاهداف السلوكية للموضوعات فبلغ عددها (٧٣) هدفا سلوكيا ،موزعة على المستويات الثلاثة الأولى للمجال المعرفي لتصنيف بلوم (معرفة، فهم، تطبيق) وقامت الباحثة بإعداد خططا تدريسية لمجموعتي، وللتحقق من هدفا البحث اعدت الباحثة اداتين موضوعيتين الاولى متمثلة باختبار تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية مؤلف من (٣٠) فقرة، من نوع ( الاختيار من متعدد)والثانية مقياس الدافعية نحو المادة مؤلف من (٣٠) فقرة، وتم التحقق من صدق الاداتين واستخراج ثباتهما فضلا عن استخراج الخصائص السايكومترية لهما.

**الكلمات المفتاحية: استراتيجية عين العقل، التحصيل، قواعد اللغة الكردية، الصف الخامس الاعدادي، دافعيتهن للمادة.**

# Grade Intermediate -The Effect of the Mind's Eye Strategy on Fifth Students' in Kurdish Grammar and Their Motivation Female towards the Subject

**Fatima Hassoun Sadkhan Al-Khalifawi**

**Professor Ali Dawood Jawamir**

**Abstract**

The current research aims to investigate the effect of the Mind's Eye grade -grammar among fifth strategy on the achievement of Kurdish female students and their motivation towards the subject. To achieve the research objectives, the researcher adopted the experimental .approach and formulated the two null hypotheses

grade -The current research community is represented by fifth intermediate students/Scientific branch in the government intermediate and secondary day schools affiliated with the General Directorate of -٢٠٢٤)year Rusafa/Third, for the academic-Education in Baghdad, Al Fadhila Intermediate School for Girls was chosen -Al .(٢٠٢٥ B) were chosen randomly so that -intentionally, and the two sections (A (٣٠)Section (A) represents the experimental group, numbering strategy, and students, which studied according to the Mind's Eye students, (٣٠)Section (B) represents the control group, numbering which studied according to the usual method. The experiment was .(٢٠٢٥-٢٠٢٤)applied in the first academic course of the academic year esearch groups and rewarded The researcher herself studied the two r the two research groups in a number of variables, including (the chronological age of the students calculated in months, the academic achievement of the fathers and mothers, the grades of the previous ence test, and motivation towards the academic year, the intellig subject). After determining the scientific subject, the researcher formulated the behavioral objectives for the subjects, and their number objectives. Behavioral, distributed across the first three (٧٣)reached

of the cognitive domain of Bloom's Taxonomy (knowledge, levels understanding, application). The researcher prepared teaching plans for the two research groups. To verify the research objectives, the researcher prepared two objective tools: the first was a Kurdish choice items, and -multiple (٣٠)Grammar achievement test consisting of (٣٠)the second was a motivation scale for the subject consisting of items. The validity of the two tools was verified, their reliability was .es were extractedextracted, and their psychometric properti

**Keywords:The Mind's Eye Strategy, Achievement, Kurdish Motivation Subject ,Grade-Grammar, ifth**

## کاریگەریی ستراتیژییەتی چاوی هزر لە دەستکەوتی ڕێزمانی کوردیی لەلای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وپاڵنەرییان بابەتەکەدا

**فاتیمە حەسوون سدخان خەلەیفاوی**

**پرۆفیسۆر/عەلی داوود جوامێر**

**زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

### بەشی یەکەم

### یەکەم:-کێشەی توێژینەوە:

کێشەی لاوازی خوێندکاران لە دەستکەوتی ڕێزمانی کوردی کێشەیەکە کە بیرکردنەوە و گرنگیدان بۆخۆی دەوروژێنیت، زمانی کوردی وەک هەموو زمانەکانی تر کێشەی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە بواری فێرکردندا بۆ ئەوانەی کە زمان نازانن، بەتایبەتی لە بواری ڕێزمانی کوردیدا، ئەو دارمانە ئاشکرایە کە لە دەستکەوتی ڕێزمانی کوردیدا هەیە، و ئاماژەیەکی گەورەیە بۆ ئەم لاوازییە و بووەتە خەسڵەتێک لە زۆربەی خوێندکاراندا و ناتوانن ڕێزمانی بنەڕەتی زمانی کوردی بەکاربێنن و توانای جێبەجێکردنیان نییە، هۆکارەکانی دابەزینی دەستکەوت دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار، کە گرنگترینیان ڕێگای وانەوتنەوەی ئاساییە کە پشت دەبەستێت بە لەبەرکردن و وەرگرتن لە فێرکردندا و مامۆستا دەبێتە گەیەنەری زانیاری بەبێ ئەوەی خوێندکار هیچ رۆڵێکی هەبێت لە کاتی وانەدا، ئەمەش وایکردووە کە بیرکردنەوە و هاندانیان بۆ بابەتەکە زیندوو نەبێت. ئەمەش توێژینەوەکانی پێشوو پشتڕاستی دەکاتەوە کە شارەزایانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی ئەنجامیانداوە، وەک توێژینەوەی (احمد، ٢٠٢٠) و توێژینەوەی (عبید، ٢٠٢١) و توێژینەوەی (احمد، ٢٠٢٣) کە هەموویان پشتڕاستیان کردووەتەوە کە بابەتی ڕێزمانی کوردی قورسە و ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی خوێندکاران لە دەستکەوتی ڕێزمانی کوردی، بۆیە

بەکارهێنانی ستراتیژییەتەکانی فێرکردنی مۆدێرن ڕۆڵی خوێندکار چالاک و کاریگەر دەکات لە پرۆسەی فێربووندا و ئەدای مامۆستاکە باشتر دەکات کە بەرەبەرە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندکاران لە دەستکەوت و هاندانیان بۆ بابەتەکە.

**کاریگەریی ستراتیژییەتی چاوی هزر،دەستکەوتی،بابەتی ڕێزمانی کوردیی،پۆلی پێنجەمی ئامادەیی،پاڵنەریان بابەتەکەدا.**

ولەسەر بنەمای ئەوە و بەپێی ئەزموونی توێژەر لە فێرکردنی ڕێزمانی کوردیدا، دەرکەوت ئەو کێشانەی کە لەپشتی دابەزینی دەستکەوتی خوێندکارانەوە هەیە، جەختکردنەوەیە لەسەر لەبەرکردن و لەبیرکردن و دوورکەوتنەوە لە بەدواداچوونی نوێکارییەکانی فێربوون کە مەبەست لێی چالاککردنی ڕۆڵی خوێندکارە.

بۆیە بەکارهێنانی ستراتیژییەتەکانی وانەوتنەوەی نوێ پێویستە کە خوێندکاران دەکاتە ناوەندی پرۆسەی فێربوون و یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی زانستییان و گرنگی پێدان و پاڵنەریان بۆ بابەتەکە زیاتر دەکات.

بۆیە توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی دیاریکردووە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە:

ئایا ستراتیژییەتی چاوی هزر کاریگەری هەیە لە سەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەلای قوبیانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وپاڵنەریان بۆ بابەتەکە؟

دووەم:-گرنگی توێژینەوە:

فێربوون بەرهەمی فێرکردنە و چالاکییەکە کە تاک لە کاتی فێرکردن یان وانەوتنەوە نیشانی دەدات بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانین یان شارەزایی. (عطية، ٢٠١٣،ل.١٣٢-١٤٠)

پەروەردە بە بنەمای کۆمەڵگا وپلەی باڵا دادەنرێت کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەوەوە بەها ئەخلاقییەکان بچێنرێن، و مرۆڤێکی ڕۆشەنبیر و هۆشیار ئامادە بکرێت و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەهێز بکرێت، پەروەردە پرۆسەیەکی تەواوکەرە کە کۆمەڵگا پەرە پێدەدات، چونکە دەروازەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ وڵاتان و گەلەکان لە پێشکەوتنیان، پەروەردە یارمەتی خوێندکار دەدات تا گەشەی هزری و سۆزی و کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت، هەروەها یارمەتی خوێندکار دەدات خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری، چونکە لایەنی گەشەکردن و گۆڕانکارییەکان لەخۆدەگرێت کە یارمەتی خوێندکار دەدەن ڕووبەڕووی هەموو هۆکارەکانی ژینگەیی جیاواز ببێتەوە و مامەڵەیان لەگەڵ بکات بە شێوەیەک کە سوودی بۆ خۆی و کۆمەڵگاکەی هەبێت (یونس، ٢٠١٢،ل.١٩)

بەکارهێنانی ڕێگا و ستراتیژییەتەکان لەوانەوتنەوە ئامانجی گەشەپێدانی ڕەفتاری مامۆستایانە لەناو پۆل و دەرەوەی پۆل و هەروەها یارمەتی ڕۆڵی خوێندکار دەدات لە وەرگرێکی نەچالاکەوە بگۆڕێت بۆ بەرهەمهێنەرێکی چالاک و ئەرێنی. (دعمس، ٢٠١٥،ل.٦٠)

ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە وڕێگا جیاوازەکان ،کاریگەری ڕوونیان لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی پرۆسەی وانەوتنەوە هەیە،لەبەر ئەوەی ئامراز یان هۆکاری گواستنەوەیە بۆ مەعریفە،هاوکات کارامەیی بنەڕەتییە بۆ بەدیهاتنی پرۆسەی فێرکردن ،هەرچەندە ستراتیژ یان ڕێگا گونجاو بێت بۆ هەڵویستی فێرکردن وگونجاو بێت لەگەڵ تەمەنی قوتابی و زیرەکییەکەی وتوانایی ومەیلی ،ئامانجی دیاریکراو و بەدیهێنراو لە ڕێگایەوە قوڵتر و سود بەخشتر دەبێت.(الساعدي ،٢٠٢٢،ل.٢٣٢٨)

بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکانی فێربوونی چالاک، پێویستە جۆرەکانی و ستراتیژییەتەکانی جیا بکرێنەوە، ستراتیژییەتەکانی فێربوونی چالاک پێویستی بە پێکهێنانی زانیارییەکانی خوێندکارەکان دەکات لە ڕێگەی کارلێک کردن لەگەڵ ژینگەکەیان، بۆ جێبەجێکردنی فێربوونی چالاک، پێویستە جۆرە ڕێگا و ستراتیژییەتەکان بەکاربهێنرێن، بەکارهێنانی تەنیا یەک ستراتیژییەت کە دەتوانرێت لەگەڵ هەموو بارودۆخە فێرکارییەکان جێبەجێ بکرێت چیتر کاریگەر نییە، پێشتر پێیان وابوو کە بەکارهێنانی جیاوازی دەبێتە هۆی زیادکردنی هاندانی خوێندکارەکان و فێربوونیان و کاریگەری ئەرێنی لەسەر سەرنجدانیان دەبێت و وا دەکات خوێندکاران زیاتر وەرگر بن بۆ فێربوون، بۆیە جیاوازی ستراتیژییەتەکان کلیلی بەهێزکردنی فێربوونە. (عطیه، ٢٠١٨،ل.٢٣)

هەروەها، ئاستی دەستکەوت وەک پلەی گەیشتن بە ئاستێکی دیاریکراو لە بابەتێک یان چەند بابەتێکدا پێناسە دەکرێت کە سیستەمی پەروەردەیی دیاری دەکات و کاردەکات بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن لە زانیارییەکان لە کاتێکی دیاریکراو و لە ژێر مەرجە دیاریکراوەکاندا. (علام،٢٠٠٠،ل.٩٩)

دەستکەوتی خوێندن ستوونی سەرەکی پرۆسەی فێربوونی پەروەردەییە، بەهۆی ئەو گرنگییەی کە هەیەتی لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەروەردە و فێربوون، کە پێشبینی دەکرێت بە شێوەیەکی ئەرێنی لەسەر خوێندکاران و پرۆسەی پەروەردە بەرەوپێش بچێت، جگە لەوەش، یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی کە کارایی دەروونی خوێندکاران دەپێوێت، و گرنگییەکی زۆری هەیە لە هەڵسەنگاندنی کارایی، بەتایبەتی کارایی پەیوەندیدار بە چالاکییە دەروونییەکان. (الخالدي ،٢٠٠٨،ل.٨٩)

زمان سیفەتی مرۆڤە و نیشانەی ژیان و گرەنتییە بۆ ژیان، چونکە میرات بۆ نەوەکان دەگوازێتەوە بۆ ئەوەی تاکەکان لە نێوان خۆیاندا بە میراتی نەتەوەکەیان و شارستانییەکەیان ئاگادار بن و پەیوەندیان لەگەڵیدا هەبێت، و ئاگاداری میراتی نەتەوەکانی تر بن و کارلەسەر ئەوە بکەن کە شارستانییەت بە گشتی هێنایەتیە دی، چونکە زمان بەشێکە لە زنجیرەی چالاکییە ڕێکخراوەکانی مرۆڤ، و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بیرکردنەوە، و لە ڕێگەیەوە مێشک هەموو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات (الهاشمي ومحسن،٢٠٠٩،ل.١٠٣).

گرنگی هاندان لە ڕووی پەروەردەییەوە، ئامانجێکی پەروەردەییە لەخۆیدا، هاندانی خوێندکاران و ڕێنمایی کردن و بەکارهێنانی ئارەزووە دیاریکراوەکان بۆیان، وایان لێدەکات کە بەشداری چالاکییە زانیارییەکان و سۆزییەکان و جوڵەییەکان بکەن لەدەرەوەی چوارچێوەی کارەکانی قوتابخانە و لە ژیانی داهاتووی خۆیاندا، بۆیە یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی پەروەردەیی کە هەر سیستەمێکی پەروەردەیی بەدواییدا دەگەڕێت، هەروەها گرنگی هاندان لە ڕووی فێربوونەوە دەردەکەوێت، چونکە ئامرازێکە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نوێکانی فێربوون، و دەتوانرێت وەک یەکێک لە هۆکارەکانی سنووردارکردنی توانای خوێندکار بۆ بەدەستهێنانی ئاستێکی دیاریکراو لە فێربوون و ئەنجامدان دادەنرێت، پاڵنەر سەرنجی خوێندکار ڕادەکێشێت بۆ هەندێک لەچالاکییەکان، و پەیوەندی بە پێداویستییەکانی لە هەندێک هاندەرەوە هەیە و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەکات و هانی دەدات بۆ بەردەوامی دان و کارکردن بەشێوەیەکی چالاک و کاریگەر. (توق واخرون، ٢٠٠٣،ل.٥٦)

بە پێی ئەوەی لە سەرەوە باسکرا، گرنگی ئەم توێژینەوە دەردەکەوێت:

١. گرنگی پەروەردە لە گەشەپێدان و درووستکردنی کەسایەتی مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی چالاک لە کۆمەڵگادا.

٢. گرنگی زمانی کوردی وەک دووەم زمان دوای زمانی عەرەبی لە عێراق.

٣. گرنگی ڕێزمانی کوردی لە یارمەتیدانی خوێندکاراندا بۆ ڕێکردنەوەی زمان و دوورکەوتنەوە لە هەڵەی قسەکردن و نووسین، و ڕاهێنانیان بۆ بەکارهێنانی وشەکان بە شێوەیەکی درووست، چونکە زمان ئامرازێکی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی میراتی کۆمەڵایەتییە.

٤. گرنگی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چونکە ئامرازێکن کە یارمەتی گەشەپێدانی تواناکانی خوێندکاران دەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژییەتەکانی مۆدێرنی وانەوتنەوە، وەک ستراتیژییەتی چاوی هزر کە خوێندکار دەکاتە ناوەندی پرۆسەی فێربوون.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە زانینی

١- کاریگەری ستراتیژیەتی چاوی هزر لە دەستکەوتی ڕێزمانی کوردی لەلای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی .

٢- پاڵنەریان بۆ بابەتەکە.

چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:

١ . هیچ جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردی بە ستراتیژییەتی چاوی

هزر دەخوێنن و ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بابەتی ڕێزمانی کوردی.

٢. هیچ جیاوازییەکی ئامازەپێکراوی ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردی بە ستراتیژییەتی چاوی هزر دەخوێنن و ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە پێوەری پاڵنەر.

پێنجەم: سنوورەکانی توێژینەوەکە:

١. سنووری مرۆیی: خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (زانستی) لە قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندی بەیانیان لە پارێزگای بەغداد / بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی بەغداد / ڕەسافەی/ ٣.

٢. سنووری شوێنی: یەکێک لە قوتابخانە ئامادەییەکانی کچان لە بەغداد / ڕەسافە /٣.

٣.سنووری کاتی: وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

٤. سنووری زانستی: بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی کە بڕیارە بخوێندرێت لە کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی چاپی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١).

شەشەم: دیاریکردنی زاراوەکان:

١) کاریگەری: پێناسە کراوە لەلایەن:

- (الربيعي ،٢٠٢٢): "کۆی ئەو گۆڕانکارییە ویستراوەیە کە لە فێرخوازدا ڕوو دەدات لە ئەنجامی پرۆسەی فێربوون".(الربيعي ،٢٠٢٢،ل.٢٤٥١).

٢) ستراتیژییەت: پێناسە کراوە لەلایەن

- (ابو جادو، ٢٠١٤) : "کۆمەڵێک ڕێسا و بنەما سەرەکی و پێویستە کە بە وردی دانراون و پێکەوە گرێدراون، کە هەنگاوەکانی مامۆستا لە پۆلدا ڕێکدەخەن و خوێندکاران لەژێر ئەو ڕێسایانەدا فێردەبن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە".(ابو جادو،٢٠١٤،ل.١٥٩)

٣) ستراتیژییەتی چاوی هزر:

- **(Sekolah, ٢٠١٧)**: "توانای درووستکردنی وێنەی هزریە لە بابەتی خوێندندا، توانای بینینی دەقە لە ڕێگەی دۆزینەوەی لە هزردا، لە ڕێگەی درووستکردن یان کێشانی وێنەی هزری، بەشێوەیەک کەوەسفی وەڵامدانەوەیان بۆ بابەتەکە دەکات".(ل.٦٣ , ٢٠١٧ , Sekolah)

٤) دەستکەوت: پێناسە کراوە لە لایەن

- (علام، ٢٠٠٦) : "ئەو پلە یان ئاستەیە کە تاکێک بەدەستی دەهێنێت یان دەگاتە ئاستی سەرکەوتن لە بابەتێکی خوێندن یان لەبوارێکی فێرکردندا".(علام،٢٠٠٦،ل.٣٠٥)

٥) ڕێزمانی کوردی:

لە ڕووی زاراوەوە بەم شێوەیە پێناسەکراو:

– (نامق،٢٠٢٢): "وشەیەک یان هێمایەکە ،کە گوزارشت لە (مادده،دیارده،ڕوداو،شتێک) دەکات،کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە".(نامق،٢٠٢٢،ل.٢٤٨٥).

٦) پۆلی پێنجەمی ئامادەیی:

یەکێک لە قۆناغەکانی ئامادەیی و پۆلی دووەمە لەناو پلیکانەی پەروەردەی عێراقی بۆ قۆناغی ئامادەیی.(وزارة التربية، دراسات تربوية،١٩٧٧،ل.٤٠).

٧) پاڵنەر : پێناسە کراوە لەلایەن

– ( ابو جادو، ٢٠٠٠) : "حالەتێکی ناوەکییە کە خوێندکار دەخاتە مەیدانی فێربوونەوە و چالاکییەکی دیاریکراو ئەنجام بدات و بەردەوام بێت لەو چالاکییە تا فێربوون وەک ئامانجێک بۆ خوێندکارەکە بەدی بێت".(ابو جادو،٢٠٠٠،ل.٣٢٩)

بەشی دووەم

تەوەری یەکەم:لایەنی تیۆری

ڕەگەکانی مێژوویی کۆنی درووستبوونی تیۆری بونیادی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوقرات، بەڵام لە شێوازی ئێستای خۆیدا لە ژێر چەندین بیردۆز و بیرۆکەی زانایان ڕێکخستراون، زۆربەی بونیادگەراییەکان پێیان وایە پیاجێ( *) یەکەم کەس بووە کە بناغەی سەرەتایی بونیادی دامەزراندووە، کە بڕوای وابوو پرۆسەی زانین لە بونیادی یان دووبارە بونیادگەری بابەتی زانیندا دەخەملێت، پاشان چەندین زانای تر هاتوون بیرۆکەکانەیان ڕێکخستۆتەوە و ڕاستیانکردووەتەوە، وبونیادگەری پشت دەبەستێت بە بیردۆزی پیاجێ، کە بڕوای وایە فێربوونی مەعریفی لە ڕێگەی گونجاندنی دەروونی خوێندکارەوە ڕوودەدات، واتا لە هاوسەنگی تێگەیشتنی واقیع و خۆ گونجاندن لەگەڵ دۆخی دەوروبەر درووست دەبێت، بۆیە بونیادگەری پێویستی بە ڕێکخستنی پێکهاتە خۆجێییەکانی خوێندکار هەیە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە گەیشتن بەم گونجاندنە، لەبەر ئەوە بونیادکاران جەخت دەکەنە سەر فێربوونی واتادار یان تێگەیشتن، و پێویستە خوێندکار هان بدرێت بۆ بونیاتنانەوەی زانیاری خۆی و دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەو زانیارییانە بە شێوازێک کە ئاسانکاری بکات بۆ تێگەیشتن وڕوونکردنەوە و بەرهەمهێنانی بارودۆخە زانستییەکان. (عبیدوعفانە،٢٠٠٣،ل.١٢٣)

یەکەم: تیۆری بونیادگەری

چەمکی تیۆری بونیادگەری:

لە ساڵانی دواییدا، چەندین تیۆری نوێ دەرکەوتوون کە دەکرێت هەر یەکێکیان وەک بناغەیەکی تیۆری بۆچەندین ڕێگای وانەوتنەوە بەکاربهێنرێت لە پرۆسەی فێرکردندا، کە وا لە خوێندکار دەکات بتوانێت لەگەڵ ژینگەکەی کارلێک بکات و پەرەی پێبدات، یەکێک لەم تیۆرانە (تیۆری

بونیادگەری)یە کە لەم تیۆرەوە چەندین ڕێگاکانی وانەوتنەوە جیاواز دەردەچن و چەندین مۆدێلی فێرکردن پشتی پێ دەبەستن کە گرنگی بە شێوازی بیناکردنی زانین و هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی دەدات .(عبد العظيم ، ٢٠١٦،ل.٢٠)

تیۆری بونیادگەری یەکێکە لە تیۆریە پەروەردەییە هاوچەرخەکان کە سەرنجێکی فراوان و بەردەوامی لێکراوە لە ناوچەی پەروەردەییەکاندا، ئەم تیۆرە وەک تیۆرییەکی نوێ لە بواری خوێندنەوە دادەنرێت کە پشت بە فێربوون دەبەستێت بۆ تێگەیشتن و خوێندکار دەکات بە ناوەندی پرۆسەی پەروەردەیی، لەم تیۆرەدا خوێندکاران وەک پەڕەیەکی سپی نین کە مامۆستا هەرچی بوێت لەسەری بنووسێت، بەڵکو بیرۆکە و زانینی پێشوویان هەیە کە پەیوەندی بە زانینی نوێوە دەبەستێت و یەک دەگرێتەوە لە بینایی زانستی خوێندکار، لەوانەیە جیاواز بن لە یەکتر و پێویستی بە گۆڕین یان زیادکردنیان هەبێت، بۆیە فێربوونی پێشوو بە فێربوونی نوێ دە بەسترێتەوە، بۆیە فێربوون لەم تیۆرییەدا چاودێری چالاکی و کارلێکی خوێندکار دەکات لە پۆلدا، لەکاتێکدا قوتابخانە سەرکردەی پرۆسەی فێربوونە.(عطية ،٢٠٠٩،ل.٢٥٥)

تیۆری بونیادگەری سێ توخم لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: پێکهاتە زانستییە پێشووەکانی خوێندکار.

دووەم: ئەو زانیارییەی کە تووشی خوێندکار دەبێت لە بارودۆخی پەروەردەی ئێستادا.

سێیەم: ژینگەی فێربوون کە چەندین گۆڕاوی جیاوازی تێدایە.

لە ئەنجامی بوونی خوێندکار لە ژینگەیەکی فێربوونی کۆمەڵایەتی چالاکدا، کارلێکی چالاک ڕوودەدات لە نێوان پێکهاتە زانستییە پێشووەکان و پێکهاتە زانستییە نوێیەکان، و ئەم کارلێکە زانینی نوێ درووست دەکات.(الموسوي ،٢٠١٥،ل.٣٤)

تایبەتمەندییەکانی تیۆری بونیادگەری:

تیۆری بونیادگەری چەندین تایبەتمەندییە دیارەکانی هەیە کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لە بارودۆخی فێرکردندا، لەم تایبەتمەندییانەش:

١- خوێندکار وەک کەسێکی نەرێنی و کاریگەرلێکراو نابینێت، بەڵکو وەک کەسێک دەیبینێت کە بەرپرسیارە لە فێربوونی خۆی.

٢- زانیاری شتێکی دەرەکی نییە بۆ خوێندکار، بەڵکو بە شێوەی تاک یان کۆمەڵ بونیاددەنرێت و هەمیشە گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات.

٣- پرۆسەی فێربوون پرۆسەیەکی چالاکانەیە کە خوێندکار ڕۆڵی کاریگەری تێدا دەبێت.

٤- باشترین ژینگە دابین دەکرێت بۆ خوێندکار کاتێک ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبێتەوە.

٥- فێرکردن گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو ڕێکخستنی بارودۆخەکانە کە خوێندکار لە نێوانیاندا زانیاریەکانی درووست دەکات.(دحلان ،٢٠٢٠،ل.١٦-١٧)

**دووەم: فێربوونی چالاک**

**چەمکی فێربوونی چالاک**

فێربوونی چالاک تەکنیکێکە کە خوێندکار دەکاتە ناوەندی پرۆسەی فێربوون، و هەموو ئەو کارانەی خوێندکار لەخۆدەگرێت کە لە کاتی فێربووندا ئەنجامی دەدات ، وەک نوسین، گفتوگۆی کۆمەڵایەتی، گوێگرتن و قسەکردن، ئەم تەکنیکە هانی خوێندکاران دەدات کە ئەو کارامە و ئاراستانە فێربن کە پێویستن بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا، بەم شێوەیە فێربوون تەنها لەبەدەستهێنانی زانیاری سنووردار نابێت. (warren،١٩٩٧،ل.١٦)

فەلسەفەی فێربوونی چالاک:

فێربوونی چالاکیی کارا،فەلسەفەکەی لە گۆڕانی جیهانی وناوخۆیی هاوچەرخ وەردەگرێت،داوای دووبارە ڕوانینەوە بۆ ڕۆڵی هەریەك لە مامۆستا وقوتابی دەکات،تەوەری گرنگیدان لە مامۆستاوە بۆ قوتابی دەگوازێتەوە،وادەکات قوتابی تەوەری پرۆسەی فێرکردن وفێربوون بێت،فەلسەفەی فێربوونی چالاکیی کارا جەخت دەکات کە دەبێت فێربوون:

١-بەژیانی واقیعی قوتابی وپێداویستییەکانی وگرنگی پێدانەکانی ببەسترێتەوە.

٢-لە ئامادەیی قوتابی وتواناکانیەوە سەرچاوە بگرێت.

٣-لە سەرجەم ئەو شوێنانە هەبێت،کە فێربوونی تیانیانداچالاکە.(زانکۆ،ماڵ،کتێبخانە

٤-دەستپێشخەری خودی لە فێربوون دەستەبەر بکات.(المندلاوي،٢٠٢٢،ل.٢٣٧٠)

گرنگی فێربوونی چالاک:

١ . خوێندکاران پشتگیری پێویست وەردەگرن لە تێگەیشتنیان لە زانیارییە نوێیەکان و بەستنەوەی ئەو زانیاریانە بە ڕاستییەکانی ژیان بۆ یارمەتیدانیان لە کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و خۆگونجاندن.

٢. پەرەپێدانی متمانە بەخۆبوون لە خوێندکاران و گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی و توانای دەربڕینی خۆیان و دیاریکردنی ئامانجی پرۆسەی فێرکردن.

٣. فێربوونی هەرەوەزی بەدەست دەهێنێت کە دەبێتە هۆی بەشداری کۆمەڵایەتی.( بکري،٢٠١٥،ل.٢٥)

ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی چالاکدا:

١- هاندانی خوێندکاران و یارمەتیدانیان لە چۆنییەتی فێربوون و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی فێربوون و چۆنییەتی بەکارهێنانیان و هەڵبژاردنی باشترینیان.

٢- ئامادەکردنی ژینگەیەکی پاڵپشتیکەر کە هاندەر بێت بۆ خوێندکاران و متمانەیان بەخۆیان زیاد بکات و بەرپرسیاریەتی فێربوون وەربگرن و بڕیاری تێدا بدەن.

٣- گوێ لە خوێندکاران بگرێت و هانیان بدات بۆ بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن لەسەر ماناکان وبیرۆکەکان و بۆچوونە جیاوازەکان.(بكري،٢٠٠٦،ل.٢٨)

ڕۆڵی خوێندکار لە فێربوونی چالاکدا:

١- ئارەزووی ڕاستەقینەی خوێندکاربۆ بەشداریکردن لە ئەزموونە فێرکارییەکان.

٢- لە بارودۆخی فێربوونی چالاکدا کاریگەرە و بەشداری لە پلاندانان و جێبەجێکردنی وانەکەدا دەکات.

٣- خۆی دەگەڕێت بەدوای زانیارییەکە لە سەرچاوە جیاوازەکاندا و بەشداری لە هەڵسەنگاندنی خۆی دەکات لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکان.

سێیەم: ستراتیژییەتی چاوی هزر

ستراتیژییەتی (چاوی هزر) یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک،ئەم ستراتیژە لە سەر بنەمای تیۆری بونیادگەری دامەزراوە ،بۆیە تیشک دەخەینە سەر ئەم تیۆرییە.

چوارەم: دەستکەوت

سەرنجدان بە دەستکەوتی خوێندن و پێشکەوتنی بووەتە خاڵی سەرەکی چاودێری خێزان و کۆمەڵگە و مامۆستا و خوێندکار، وەک ئاماژەیەك بۆ سەرکەوتنی خوێندکار لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، ئەم چەمکە پەیوەندی بە خوێندنی قوتابخانەوە هەیە، ئەوەیە کە توانا بەخوێندکار بدات بۆ هاوڕێکردنی توانای زانستی و داهێنانە جیاوازەکانی لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی ئەکادیمی.(عدس ،١٩٩٩،ل.٢٥)

دەستکەوتی خوێندن گرنگییەکی زۆری هەیە لە پرۆسەی پەروەردەییدا، چونکە یەکێکە لە دەرئەنجامە گرنگەکانی خوێندن کە خوێندکاران هەوڵی بۆ دەدەن و خاڵی سەرەکی چاودێری پرۆسەی خوێندنە، هەروەها پێوەرێکی پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی کارکردنی پەروەردەیی لە کۆمەڵگادا و یەکەمین پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی نێوان خوێندکاران، لەم دواییانەدا توێژەرە پەروەردەییەکان و کۆمەڵناسان زیاتر سەرنجیان خستووەتە سەر ئەم بابەتە بەهۆی گرنگییەکەی لە ژیانی خوێندکار و کۆمەڵگا، دەستکەوتی خوێندن ئامرازێکی کاریگەرە بۆ پەروەردەکاران تا بزانن چەند گۆڕانکاری ڕوویداوە لە ڕەفتاری خوێندکاران و ڕێگایان پێبدات بۆ ڕاستکردنەوەی ئامانجە پەروەردەییەکانی ئێستا و دانانی ئامانجی پەروەردەیی نوێ.(الردادي ،٢٠١٩،ل.٥٠)

فاکتەرە کاریگەرەکانی لە سەر دەستکەوتی خوێندن:

١- زیرەکی ئاستی زیرەکی جیاوازە لە نێوان خوێندکاراندا، بۆیە جیاوازیی تاکەکەسی هەیە.

٢- پاڵنەر پێویستە توانای خوێندکار ئاراستە بکرێت و هان بدرێت.

٣- چەمکی خود، و کۆنترۆڵکردنی .
٤- ئاستی ئارەزووی خوێندکار، کاریگەری هەیە لەسەر چۆنییەتی و ئاستی سەرکەوتنی.(زایروسماء،٢٠١٤،ل.١٥)
رۆڵی مامۆستا لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوت:
مامۆستا رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران، کە دەکرێت بەم شێوانە دەربېردرێت:
١- ئەو بیرۆکانە رێك دەخات کە یارمەتی جێگیربوونی زانیاری نوێ دەدەن.
٢- بابەتەکان بە زمانێکی روون و تێگەیشتوو پێشکەش دەکات.
٣- پرسیارەکان جۆراوجۆر دەکات بۆ خوێندکاران لەتاقیکردنەوە.(الجلالي ،٢٠١١،ل.٣٧٨)
پێنجەم: رێزمانی کوردی
رێزمان ئاستیکە لە ئاستەکانی زمان، کە لە هەردوو لایەنی وشەسازی ورستەسازی دەکۆڵیتەوە، لە رێزماندا باس لەو یاسایانە دەکرێ، کە دەنگ وواتا بە یەك دەگەیەنێت.(خۆشناو،٢٠١٣،ل.١٤)
هەر زمانێک خاوەنی رێزمانی خۆیەتی لە بەر ئەوە رێزمان وەک زانستێک لە سەر کەرەستەی چەسپاوی ئەو زمانە دادەرێژێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو مادەیەکی زانست رێزمانی گشتی هەیە کەمەبەستی رێکخستنی شێوازی گشتییە لە توێژینەوەی پێکهاتنی رێزماندا، هەر چەندە زمان خاوەنی کەرەستەی تایبەتی وشێوەی جیاواز و بەکارهێنانی سەربەخۆیە، ئەو تایبەتیانە لە زمانی جیاوازدا دەبینرێن کەچی سەرەرای ئەوە هەندێک بنەما هەن کە پێویستە بخرێتە نێو بناغەی توێژنەوەی هەر زمانێک.(حاجی مارف،٢٠١٤،ل.١٥٦)
سوودەکانی رێزمان:-
رێزمان ئەم سوودانەی خوارەوەی هەیە:
١-رستەی دارشتنی لە سەر وراهاتن زمان سامانی بەرەوپێشبردنی ورێک ورەوان.
٢-زمان وردەکاری لەسەر وسەرنجدان وردبینی.
٣-زمان بە نهێنییەکانی پەیبردن وشیکردنەوەیان.(هەورامی،٢٠١١،ل.٢٣٠)
شەشەم: پاڵنەر
پاڵنەر بە شێوەیەکی گشتی حاڵەتێکی ناوەکی تاکە کە رەفتار دەوروژێنێت و بەبەردەوامی کار لەسەر رەفتاری دەکات و رێنمایی دەکات بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵام پاڵنەری فێربوون بریتییە لە حاڵەتێکی ناوەکی لە ناو خوێندکاردا کە پاڵنەری دەبێت بۆ ئەوەی سەرنج بدات بۆ بارودۆخی فێرکردن و بە چالاکیەوە روو لە فێربوون بکات و بەردەوام بێت لەم چالاکیە تا فێربوون رووبدات.(توق،٢٠٠٣،ل.١٣)

گرنگی پاڵنەر:-

گرنگی پاڵنەر لە پرۆسەی فێربووندا دەردەکەوێت، وەك ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێرکردنە دیاریکراوەکان بە شێوەیەکی کاریگەر، هەروەها وروژاندن پاڵنەر و ڕێنمایی کردن وهاندانی خوێندکاران و درووستکردنی حەز و ئارەزووی تایبەتی بۆیان وایان لێدەکات کە چالاکیە زانستیەکان و پێشکەوتنە هونەریەکان و کارە سۆزییەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی قوتابخانەش جێبەجێ بکەن، کە ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر ژیانی داهاتوویان دەبێت.(نشواتي،٢٠٠٣).

یەکەم: خستنە ڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

١) توێژینەوەکان کە ستراتیژییەتی چاوی هزریان لەخۆگرتووە

١- (kolahSe, ٢٠١٧) کاریگەری ستراتیژییەتی چاوی هزر بۆ باشترکردنی تێگەیشتنی خوێندنەوە لە خوێندکارانی ساڵی دووەمی ئامادەیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٢- علي متعب عمران (٢٠٢١) کاریگەری ستراتیژییەتی چاوی هزر لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕێزمانی لە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئەدەبی لە بابەتی مێژوو.

٣- شيماء فرمان عبدالكريم على (٢٠٢٢) کاریگەری ستراتیژییەتی چاوی هزر لە ڕۆشنبیری زانستی لای خوێندکارانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە بابەتی زانست.

٢) توێژینەوەکان کە دەستکەوت و پاڵنەریان لەخۆگرتووە

١- تمارة محمد جعفر التميمى (٢٠٢٣) کاریگەری ستراتیژییەتی (بزانە، ڕێکبخە، وەڵام بدەرەوە) لە خوێندنی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و پاڵنەریان بۆ بابەتەکە.

٢- هڤال فيصل عبدالعزيز (٢٠٢٤) کاریگەری ستراتیژییەتی تۆپی بەفر لە خوێندن و پاڵنەری خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بۆ بابەتی ڕێزمانی کوردی.

| ز | ناوی توێژەر و ساڵ | شوێنی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە | ئامانجی توێژینەوەکە | پرۆگرام | قەبارە و ڕەگەزی نموونە | ئامرازی توێژینەوەکە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Sekolah ٢٠١٧ | وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | زانینی کاریگەریی ستراتیژییەتی چاوی هزر بۆ باشترکردنی تێگەیشتنی خوێندنەوە لە خوێندکارانی پۆلی دووەمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | نیمچە ئەزموونی | نموونە کە پێک هاتوە لە (٦٤) خوێندکار | تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە | هاوکێشەی کیودر ریتشارد سون KR٢٠ ڕێگای بەشکردنی نیوەیی وپڕۆگرامی مایکرۆسۆفت ئەکسل ٢٠١٠ پرۆگرامی (SPSS) | جیاوازی ئامارێیکراوی ئاماریی لە جێبەجێکردنی پێشەکی وپاشەکی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی بۆ باشترکردنی تێگەیشتنی خوێندنەوە لەلای خوێندکاران |
| ٢ | علي متعب عمران ٢٠٢١ | عێراق دیالە | زانینی کاریگەریی ستراتیژییەتی چاوی هزر لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی لۆژیکی لەلای خوێندکارانی جوارەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوو | ئەزموونی | نموونە کە پێک هاتوە لە (٦٠) خوێندکار | پێوەری بیرکردنەوەی لۆژیکی | هاوکێشەی تاقیکردنەوەی تی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ تاقیکردنەوەی تی تاقیکردنەوەی جوارگۆشەی کای (کا٢)، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن | جیاوازی ئامارێیکراوی ئاماریی نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بۆ جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی لە تاقیکردنەوەی پێوەری بیرکردنەوەی لۆژیکی لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی |
| ٣ | شیماء فرمان عبد الكريم علي ٢٠٢٢ | عێراق دیالە | زانینی کاریگەریی ستراتیژییەتی چاوی هزر لە ڕۆشنگەری زانستی لەلای قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە بابەتی زانست | ئەزموونی | نموونە کە پێک هاتوە لە (٧٠) خوێندکار | تاقیکردنەوەی ڕۆشنگەری زانستی | توێژەر پرۆگرامی (SPSS) بەکار هێناوە بۆ شیکردنەوەی داتا ئامارییەکان | جیاوازی ئامارێیکراوی ئاماریی لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی |

خشتەی (٢) ئەو توێژینەوانەی کە باس لە دەستکەوت و پاڵنەر دەکەن

| ز | ناوی توێژەر و ساڵ | شوێنی جێبەجێ کردنی توێژینەوەکە | ئامانجی توێژینەوەکە | پرۆگرام | قەبارە و ڕەگەزی نموونە | ئامرازی توێژینەوەکە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تمارة محمد جعفر التميمي ٢٠٢٣ | عێراق بەغداد | زانینی کارایی ستراتیژییەتی (بزانە، ڕێکخستن، وەڵامدەوە) لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و پاڵنەر بەرەو بابەتەکە | ئەزموونی | (٥٥) خوێندکار | پێوەری پاڵنەر بەرەو بابەتەکە | تاقیکردنەوەی تی (t-test) دوو کۆمەڵەی سەربەخۆ | سەرکەوتنی خوێندکارانی ئەزموونی بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو |
| ٢ | هقال فيصل عبد العزيز ٢٠٢٤ | عێراق بەغداد | کاریگەری ستراتیژییەتی تۆپی بەفر لە خوێندن و هاندانی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بۆ بابەتی ڕێزمانی کوردی | ئەزموونی | (٧٥) قوتابی | تاقیکردنەوەی پێوەری دەستکەوتی خوێندن و پێوەری پاڵنەر | تاقیکردنەوەی تی (t-test) دوو کۆمەڵەی سەربەخۆ و جوارگۆشەی کای (کا٢) و هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن | سەرکەوتنی قوتابییانی ئەزموونی بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو |

## دووەم: هاوسەنگی لە نێوان توێژینەوە پێشوو و توێژینەوە ئێستا

### ١) ئامانج

ئامانجی له دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژییەتی "چاوی هزر"ە له خوێندنی بابەتی ڕێزمانی کوردی له نێوان خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و پاڵنەریان بۆ بابەتەکە.(هڤال فیصل عبدالعزیز، ٢٠٢٤)

٢) گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە

دەرکەوت کە گۆڕاوە سەربەخۆ و پشتبەستەکان له توێژینەوەکانی پێشوودا بە پێی ئامانجەکانی هەر توێژینەوەیەک جیاواز بوون.

توێژینەوەکەی ئێستا بە گۆڕاوێکی سەربەخۆ دەست پێدەکات کە بریتییە لە ستراتیژییەتی "چاوی هزر"، و گۆڕاوێکی پشتبەست کە بریتییە لە دەستکەوت و پاڵنەر بەرەو بابەتەکە، ئەمەش بە دیزاینی ئەزموونی دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ئەنجام دەدرێت.

٣) نموونە

دەرکەوت کە نموونەکانی توێژینەوەکانی پێشوو لە بەشی یەکەم و دووەمدا جیاواز بوون لە ڕووی ڕەگەز و ژمارە و پۆلی خوێندن و قۆناغی خوێندنەوە، بەپێی سروشتی هەر توێژینەوەیەک و بارودۆخەکەی.

بەڵام نموونەی توێژینەوەی ئێستا لەسەرخوێندکارانی پێنجەمی زانستی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی جێبەجێ دەکرێت.

٤) ئامرازەکانی توێژینەوەکانی پێشوو

ئامرازەکانی توێژینەوەکانی پێشوو لە تەوەری یەکەم و دووەم جیاواز بوون، بە پێی سروشتی هەر توێژینەوەیەک و بارودۆخی بەکارهێنانی.

توێژینەوەکەی ئێستا دوو ئامراز بەکار دەهێنێت، یەکەم تاقیکردنەوەی دەستکەوت و دووەم پێوەری پاڵنەر بۆ بابەتەکە

٥) ئامرازە ئامارییەکان

زۆربەی توێژینەوەکان هەڵبژاردنە ئامارییەکانی وەک تاقیکردنەوەی تائی (test-t)، پەیوەندی پیرسۆن، هاوکێشی کیورد-ڕیچاردسۆن، هاوکێشی کۆهین،چوارگۆشەی کای ، هاوکێشی گرانی و ئاسانی، کارایی جێگرەوە هەڵەکان، ئەلفای کرۆنباخ، هاوکێشی ئیتای دووجا، تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نمونەی ناپەیوەندیدار، ئەمەش پەیوەستە بە پێداویستییەکانی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە.

سێیەم: لایەنی سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:

١- سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو بۆ دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوەکەی ئێستا.

٢- دیاریکردنی دیزاینی توێژینەوەی ئەزموونی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونە و دیاریکردنی قەبارەی نموونەکە.

٣- هەڵبژاردنی ئامرازە ئامارییە گونجاوەکان بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە و سوود وەرگرتن لێیان لە چوارچێوەی تیۆریدا.

٤- سوود وەرگرتن لێیان بۆ دروستکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە.

بەشی سێیەم

ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا توێژەر ئەو ڕێکارە میتۆدۆلۆژیانەی خستوەتەڕوو کە لە توێژینەوە ئەزموونییەکەیدا پشتی پێبەستووە لە ڕووی هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونی و دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە وهاوتابوونی کۆمەڵەکان و دیاریکردنی بابەتی زانستی و ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە وئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت بۆ دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، هەروەها ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی پاڵنەر و ئامرازە ئامارییە گونجاوەکان.

یەکەم:- میتۆدی توێژینەوەکە

شێوازی تاقیکاریی ئەو شێوازەیە کە دەتوانرێت پەیڕەو بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوە پەیوەندییە هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر کێشەی بەردەوامی توێژینەوە هەیە. (القاضي والبياتي، ٢٠٠٨،ل.٦٧)

دووەم: دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە

دیزاینی ئەزموونی یەکێکە لەو ئامرازانەی کە یارمەتی توێژەران دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، کە لە ڕێگەیەوە دروستی گریمانەکان تاقی دەکرێتەوە و پێوانەی ڕادەی ئەو گۆڕانکارییە دەکات کە لە یەکێک لە هۆکارەکاندا ڕوودەدات (الدهلكي،٢٠٢٠،ل.٧٦)

**خشتەی (٣): دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

| ژ | کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | ئامرازەکانی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەزموونی | ستراتیژییەتی چاوی هزر | دەستکەوت و پاڵنەر | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری پاڵنەر |
| ٢ | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | | |

سێیەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە

١- کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە واتا بۆ هەموو تاک و شت و کەسانێک کە بابەتی کێشەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن و هەموو ئەو توخمانەن کە پەیوەندییان بەو کێشەیەوە هەیە کە توێژەر هەوڵدەدات ئەنجامەکانی توێژینەوەکەیان گشتگیر بکات، هەروەها دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی شێوازی زانستی گونجاو کە ڕێگەی پێدەدات تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ڕەسەن لەبەرچاو بگرێت، جگە لە بەدەستهێنانی ئەنجامە

بابەتییەکان کە بەشدارن لە داBینکردنی چارەسەری لۆژیکی. (عباس واخرون ، ٢٠١٢، ل.٢١٧)

کۆمەڵگای توێژینەوەکە دیاریکرا کە هەموو خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی دەگرێتەوە لە قوتابخانە بەیانیانەکانی ئامادەیی و دواناوەندی حکومی کچان کە سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی بەغداد/ڕەسافەی سێیەم، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر لە ڕێگەی نوسراوی کارئاسانی کە دەرچووە لە زانکۆی بەغداد/کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، سەردانی بەشی ئامار و پلاندانانی لە بەرێوبەرایەتی پەروەردەی بەغداد/ڕەسافەی سێیەمی کردووە پاشکۆی (١) بۆ دیاریکردنی قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییەکان لە سنووری بەرێوبەرایەتی پەروەردەی ڕەسافەی سێیەم، ژمارەی قوتابخانە حکومییەکان (٣٢) قوتابخانە بووە و ژمارەی خوێندکارەکانی (٦،٧٤٠) خوێندکار بوو.

**خشتەی (٤) ژمارەی خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵە | هۆبەی | ژمارەی ئەندامانی نموونەکە پێش دورخستنەوە | ژمارەی ئەندامانی نموونە دورخراوەکە | ژمارەی ئەندامانی نموونەکە پاش دورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ا | ٣٢ | ٢ | ٣٠ |
| کۆنترۆڵکراو | ب | ٣٠ | | ٣٠ |
| کۆی گشتی | | ٦٢ | | ٦٠ |

چوارەم: هاوتابوونی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە

بۆ ئەوەی یەکسانی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراودا لە چەند گۆڕاوێکدا دڵنیابێتەوە، توێژەر کرداری هاوتابوونی لە نێوان دوو کۆمەڵەکەی توێژینەوەکەدا لە چەند گۆڕاوێك ئەنجامدا کە دەکرێت کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەبێت لـ سەر ئەستوی گۆڕاوی سەربەخۆ بۆیە هاوتابوون لە نێوان دوو کۆمەڵەکەدا لەم گۆڕاوانە ئەنجامدرا:

١- تەمەنی خوێندکاران هەژمارکراو بە مانگ

توێژەر تەمەنی هەر خوێندکارێکی بە مانگ دەستکەوت بەپێشکەشکردنی فۆرمێك کە توێژەر ئامادەیکردبوو پاشکۆی (٤) ناوەندی تەمەنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی (٢١٧.٠٠) بوو بە لادانی پێوەری (٦٥٦.١١)، و ناوەندی تەمەنی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٦٣.٢١٦) بوو بە لادانی پێوەری (٥٥٠.١٤) و بە نمرەی ئازادی (٥٨) وبە بەکارهێنانی

تاقیکردنەوەی تائی (T.Test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، دەرکەوت کە جیاوازییەکە لە ئاستی بەڵگەداری (٠٥.٠) نییە، چونکە بەهای تائی هەژمارکراو (١٠٨.٠) بوو کە کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی (٢) ئەمەش دەریخست کە دوو کۆمەڵەکە لە ڕووی ئامارییەوە یەکسانن لە گۆڕاوی تەمەنی خوێندکاران هەژمارکراو بە مانگ.

**خشتە (٥) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (T.Test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ لە گۆڕاوی تەمەنی خوێندکاران هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٢١٧,٠٠ | ١١,٦٥٦ | ٥٨ | ٠,١٠٨ | ٢ | ٠,٩١٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٢١٦,٦٣ | ١٤,٥٥٠ | | | | مانادار نییە |

- تاقیکردنەوەی زیرەکی:

توێژەر تاقیکردنەوەی ڕاڤن( Raven)ی هەڵبژارد بەهۆی ئاسانی جێبەجێکردنی، و لەپێشتریشدا لەلایەن زۆرێک لە توێژەرانەوە بەکارهێنراوە و بەهۆی ڕاستگۆیی و جێگیرییەوە، هەروەها لەبەرئەوەی یەکێکە لە تاقیکردنەوەکان کە گونجاوە بۆ ژینگەی عێراقی، ئەم تاقیکردنەوەیە زمانیی نییە و توانایی ئێستای تاک و چالاکیە مێشکییەکەی دەپێوێت، و گونجاوە بۆ تەمەنی کۆمەڵە نموونەییەکەی توێژینەوەکە و بۆ ژمارەیەکی زۆر لەیەك کاتدا، تاقیکردنەوەکە پێکهاتووە لە (٦٠) بڕگە کە پلە پلە قورستر دەبن، دابەشکراوە بەسەر پێنج کۆمەڵەدا (أ،ب،ج،د،هـ)، هەر بەشێک (١٢) بڕگەی تێدایە .(الدباغ واخرون،١٩٨٣،ل.٢٧).

٣- نمرەکانیساڵی خوێندنی پێشوو بۆ بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێ

توێژەر نمرەکانی خوێندکارەکانی نموونەی توێژینەوەی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بۆ پۆلی چوارەمی زانستی دەستکەوت، ئەمەش بەدەستکەوتنی تۆماری نمرەکان کە لە کارگێڕی قوتابخانەکەدا هەبوون بۆ خوێندکارەکانی نموونەی توێژینەوە بە مەبەستی هەژماری هاوتابوون لە نێوان دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ( ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) پاشکۆی (٧)

**خشتەی (٦) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (test-t)ی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ لە نمرەکانی بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی زانستی.**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەها تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٣٠ | ٨٤,٠٧ | ٨,٦٠٦ | ٥٨ | ١,٦٢٢ | ٢ | ٠,١١١ |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٧٩,٧٧ | ١١,٦٩١ | | | | مانادار نییە |

٤- پێوەری پاڵنەر بۆ زانینی هاوتابوون لە نێوان دوو کۆمەڵەکە:

تویژەر پێوەری پاڵنەری لەسەر دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە جێبەجێ کردووە پاشکۆی (١٣)، دوای پێداچوونەوە و چارەسەرکردنی وەڵامەکان و دەرهێنانی ئەنجامەکان، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە بەهای تائی هەژمارکراو (١.٧٨٢)کەمترە لە بەهای تائی خشتەی (٢) لە ئاستی بەڵگەداری( ٠.٠٥) و بە نمرەی ئازادی (٥٨)، ئەمەش مانای وایە کە دوو کۆمەڵەکە یەکسانن، وەک لە خشتەی (١٢)دەردەکەوێت.

خشتەی (٧) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی **test-t** بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ دیاریکردنی جیاوازیە ئاماریەکان لە نێوان دوو کۆمەڵەکە بەپێی گۆڕاوی پلەکانی پێوەری پاڵنەر

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەها تی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| التجريبية | ٣٠ | ٦٨,٤٦ | ٦,٤٠٤ | ٥٨ | ١,٧٨٢ | ٢ | ٠,٠٨٠ |
| الضابطة | ٣٠ | ٦٥,٦٦ | ٥,٧٤٩ | | | | مانادار نییە |

٥- ئاستی خوێندنی باوکان

توێژەر زانیارییەکانی سەبارەت بە ئاستی خوێندنی باوکانی خوێندکارانی دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە کارتی قوتابخانە دەستکەوت، هەروەها لە ڕێگەی فۆرمێکەوە کە دابەشکراووە بەسەر خوێندکاران پاشکۆی (٤).

**خشتەی (٨) دابەشبوونی نموونەی توێژینەوە بەپێی ئاستی خوێندنی باوکان بە بەکارهێنانی بەهای چوارگۆشەی (کای٢)ی خشتەیی و هەژمارکراو**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونە | ئاستی خوێندن | | | | بەهای کا ٢ | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دەخوێنێت و دەنوسێت و سەرەتایی | ناوەندی و ئامادەیی | زانکۆ و بەرەو سەرەوە | نمرەی ئازادی | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ١٢ | ١٢ | ٦ | ٢ | ٠,٢٨٨ | ٥,٩٩١ | ٠,٨٦٦ |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ١١ | ١٤ | ٥ | ٢ | | | مانادار نییە |

٦- ئاستی خوێندنی دایکان

توێژەر ئەو زانیارییانەی بەدەستهێناوە کە پەیوەستن بە ئاستی خوێندنی دایکانی خوێندکارانی دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، وئەم زانیاریانە لە ڕێگەی کارتی خوێندنی قوتابخانە وەرگیراوە، هەروەها لە ڕێگەی فۆرمێک کە دابەشکراوە بەسەر خوێندکاراندا پاشکۆی (٤)

نۆیەم: ئامرازە ئامارییەکان:-

یەکەم: تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ: تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ.(البياتي ،٢٠٠٨،ل.٢٠٢)

دووەم: چوارگۆشەی کای (Chi-Square Test) لە پرۆگرامی SPSS بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوی ناسنامی.(ابو علام ،٢٠٠٧،ل.٢٨١)

١- کارایی جێگرەوە هەڵەکان:

ئەم ئامرازە بەکارهێنرا بۆ دۆزینەوەی کارایی جێگرەوە هەڵەکان بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت.(مجيد وياسين ،٢٠١٢،ل.٣٢)

٢- هاوکۆڵکەی پێوەندی پێرسۆن:

هاوکۆڵکەی پێوەندی پێرسۆن بەکارهێنرا بۆ دۆزینەوەی پێوەندی بوارەکان بە نمرەی گشتی تاقیکردنەوەکە،(المنيزل وعايش ،٢٠١٠،ل.١٢٨)

٣- هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ:

ئەم هاوکێشەیە بەکارهێنرا بۆ دۆزینەوەی جێگیری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت، و پاڵنەر بۆ بابەتەکە.(علام ،٢٠٠٦،ل.١٦٥)

٤- هاوکێشەی کیودەر ریچارد سون ٢٠: (ابو لبدة،٢٠٠٨،ل.٢٢٣)

بەشی چوارەم

خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان و تاوتوێکردنیان

ئەم بەشە پیشاندانی ئەو ئەنجامانەیە کە توێژەر پێی گەیشتووە دوای چارەسەرکردنی داتاکانی توێژینەوە بە بەکارهێنانی جانتای ئاماری (SPSS٢٣).

یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان

١) خستنەڕووی ئەنجامەکان پەیوەست بە گریمانەی سفری یەکەم:-

بۆ دڵنیابوون لە گریمانەی سفری یەکەم کە دەڵێت (هیچ جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردی بە ستراتیژییەتی چاوی هزر دەخوێنن و ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بابەتی ڕێزمانی کوردی.

٢) خستنەڕووی ئەنجامەکان پەیوەست بە گریمانەی سفری دووەم:

بۆ دڵنیابوون لە گریمانەی سفری دووەم کە دەڵێت (هیچ جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردی بە ستراتیژییەتی چاوی هزر دەخوێنن و ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە پێوەری پاڵنەر بۆ بابەت.

**خشتەی (٩) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی خوێندکارەکان لە توێژینەوەکەدا لە بواری پاڵنەریان بۆ بابەتەکە**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونەکە | ناوەند ژمێری | لادانی پیوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٧٢,٩٦٦ | ٥,٣٤٠ | ٥٨ | ٤,٥٣٢ | ٢ | ٠,٠٠٠ |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٦٦,١٠٠ | ٦,٣٥٣ | | | | مانادارە |

دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان

١) شیکردنەوەی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت

١- بەهۆی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی چاوی هزر، ژینگەی خوێندن زیاتر هاندەر و هاوکاری بوو بۆ بەشداریکردن لە بارودۆخە پەروەردەییەکان، چونکە ئەم ستراتیژییە گونجاو بوو لەگەڵ ئاستی پێگەیشتنی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی، ئەمەش یارمەتی دەربوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەسکەوتی خوێندنیان.

٢- ستراتیژییەتی چاوی هزر یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک کە توانای خوێندکارانی بەرزکردووەتەوە لە بیرهێنانەوە و ڕێکخستن و بەستنەوەی زانیارییەکان لەگەڵ یەکدا، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران.

٢) شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پێوەری پاڵنەر بۆ بابەتەکە

١- ستراتیژییەتی چاوی هزر وایکردووە خوێندکارەکان ڕێکخراوتر بن و ڕووبەڕووی بارودۆخەکان ببنەوە، ئەمەش یارمەتی داوە لە زیادکردنی هاندانیان بۆ بابەتەکە.

٢- ستراتیژییەتەکانی فێربوونی چالاک یارمەتی خوێندکار دەدات کە زیاتر بەرەو حەزی لێکۆڵینەوە و فێربوونی ئەزموونە نوێیەکان بڕوات، ئەمەش هاندانیان زیاد دەکات بۆ بابەتەکە.

سێیەم: دەرەنجامەکان

لە ڕێگەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە دەتوانین ئەم ئەنجامانە بەدەست بهێنین:

١- ستراتیژییەتی چاوی هزر کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە زیادکردنی دەسکەوتی خوێندنی وانەی ڕێزمانی زمانی کوردی لای خوێندکارەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی ، کە سەرکەوتنیان بەسەر خوێندکارەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراودا هەبوو کە بە ڕێگای ئاسایی خوێندوویانە.

٢- بەکارهێنانی ستراتیژییەتی چاوی هزر یارمەتی دا لە زیادکردنی هاندانی خوێندکاران بەرەو بابەتەکە لە ڕێگەی بەشداریکردنیان لە وانەکە و پرسیارکردن و حەزکردن بە دۆزینەوە و ناسینەوە.

چوارەم: ڕاسپاردەکان

١- هاندانی مامۆستایان بە گشتی و بەتایبەتی مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ بەکارهێنانی ستراتیژییەتی چاوی هزر لە بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی بۆ قۆناغی ئامادەیی و دواناوەندییەکان.

٢- جەختکردنەوە لەسەر پێویستی ئاشنابوونی مامۆستایانی زمانی کوردی بە شێواز و ڕێگا مۆدێرنەکانی وانەوتنەوە، بەتایبەتی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک کە خوێندکار لە ناوەندی پرۆسەی فێربووندا دادەنێت.

پێنجەم: پێشنیازەکان

بۆ تەواو کردنی ڕێکارەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕێکارانەی خوارەوەی پێشنیازکرد:

١- بەکارهێنانی ستراتیژییەتی چاوی هزر لە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی کارلێکی.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بۆ بەکارهێنانی ستراتیژییەتی چاوی هزر لە پۆلەکانی تری قۆناغی ئامادەیی.

سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

ئەلتمیمی، تەمارە موحەمەد جەعفەر. (٢٠٢٣). کاریگەری ستراتیژیەتی (بزانە،ڕێکبخە،وەڵامبدەوە) لەسەردەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە وئەدەبی کوردی لای فێرخوازی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وپاڵنەریان بەرەوبابەتەکە [ماستەرنامەی بڵاونەکراوە].زانکۆی بەغداد.

حاج مارف،ئەورەحمان.(٢٠١٤).فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی(چ.٢). چاپخانەی ڕۆژهەلات.

خۆشناو،نەریمان عەبدوڵلا.(٢٠١٣).ڕێزمانی کوردی .(چ.٥).چاپخانەی هێڤی .

عبد ئەلعەزیز، هەڤال فیسەل.(٢٠٢٤).کاریگەری ستراتیجییەتی تۆپەڵەبەفر لەسەر دەستکەوت وپاڵنەریی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەرەوبابەتی ڕێزمانی کوردی [ماستەر نامەی بڵاونەکراوە] .زانکۆی بەغداد.

هەورامی،حەمەکەریم.(٢٠١١).بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی (چ.٢) چاپخانەی کایلار .

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

ابو جادو، صالح محمد .(٢٠٠٠).علم النفس التربوي (ط٧) .دارالمسيرة للنشر .

ابو جادو، محمد علي .(٢٠١٤).علم النفس التربوي (ط٣). دار المسيرة للنشر .

ابو علام ،رجاء محمود .(٢٠٠٧). مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية . دار النشر للجامعات .

ابو لبدة ،سبع محمد .(٢٠٠٨).مبادىء القياس النفسي والتقييم التربوي. دار الفكر للنشر والتوزيع

بكري ،جودت احمد سعادة .(٢٠٠٦).التعلم النشط بين النظرية والتطبيق .دار الشروق للطباعة والنشر والتوزيع .

بكري ،سهام عبد المنعم .(٢٠١٥). التعلم النشط .دار الكتب للنشر والتوزيع.

توق ،محي الدين .(٢٠٠٣). أسس علم النفس التربوي (ط ٣). دار الفكر للطباعة.

توق محي الدين ،قطامي يوسف ،وعبد الرحمن.(٢٠٠٣). علم النفس التربوي النظرية والتطبيق الاساسي .دار الفكر.

الجلالي ،لمعان مصطفى.(٢٠١١). التحصيل الدراسي .دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة .

جمهورية العراق وزارة التربية .(١٩٧٧).دراسات تربوية (العدد التاسع عشر) السنة الخامسة.

الخالدي ،اديب محمد .(٢٠٠٨) .سيكولوجية الفروق الفردية والتفوق العقلي .دار الوائل للنشر والتوزيع .

الدباغ ،فخري العقيدي،عبد الستار ،ابراهيم وعبدالله ،الطيار.(١٩٨٣). اختبار رافن للمصفوفات المتتابعة المقننة للعراقيين .جامعة الموصل .

دحلان ،عمر علي .(٢٠٢٠). زاد المعلم في التعليم والتعلم (ط٢). دارالميسرة.

دعمس ،مصطفى نمر.(٢٠١٥) .اعداد وتأهيل المعلم .دار الثقافة للنشر .

الدهلكي ،زينة عبد الامير .(٢٠٢٠).الاسئلة الصفية الاستهلالية والسابرة ودورها في تحصيل الطلبة. دار المناهج للنشر والتوزيع .

الربيعي ،صادق ياسين خضير محمد.(٢٠٢٢). اثر استراتيجيات تنشيط الطالب في تحصيل مادة القراءة والادب الكردي عند طلاب الصف الخامس الاعدادي.مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية ،٦١ (٣)،٢٤٤٨-٢٤٦٤.

الردادي ،فهد بن عايد .(٢٠١٩). التعلم المنظم ذاتيا والتحصيل الدراسي. الناسخ العلمي للطباعة والنشر .

زاير ،سعد علي ،وسماء تركي داخل .(٢٠١٤). اتجاهات حديثة في تدريس اللغة العربية .الدار المنهجية للنشر والتوزيع.

الساعدي،ابتهال عباس كاظم.(٢٠٢٢).اثر استراتيجية كاروسل في تحصيل مادة القراءة والأدب الكردي عند طالبات المرحلة الثانية في معهد الفنون الجميلة .مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية ،٦١ (٣)،٢٣٢٤-٢٣٤٢.

صالح، علام.(٢٠٠٠). مدخل لعلم النفس. دار الفكر العربي للنشر .

عباس ،محمد خليل،محمد بكر نوفل ،محمد مصطفى العبسي وفريال ،محمد ابو عواد .(٢٠١٢). مدخل الى مناهج البحث العلمي في التربية وعلم النفس (ط٤).دار المسيرة.

عبد العظيم ،عبد العظيم صبري .(٢٠١٦). استراتيجيات وطرق التدريس العامة والالكترونية. المجموعة العربية للنشر والتوزيع .

عبيد ،وليم وعفانة عزو .(٢٠٠٣). التفكير والمنهاج المدرسي. مكتبة الفالح للنشر.

عدس ،محمد عبد الرحيم .(١٩٩٩). مع الطالب في صفه .دار الفكر للطباعة والنشر عمان.

عطية ،محسن علي .(٢٠٠٩). الجودة الشاملة والجديدة في التدريس. دار صفاء للنشروالتوزيع.

عطية ،محسن علي .(٢٠١٣). المناهج الحديثة وطرائق التدريس. دار المناهج للنشر والتوزيع .

علام ،صلاح الدين محمود .(٢٠٠٦). الاختبارات والمقاييس التربوية والنفسية. دار الفكر العربي للنشر والتوزيع .

علام، صلاح الدين محمود.(٢٠٠٦). القياس النفسي والتقويم التربوي .دار الفكر العربي .

علي ،شيماء فرحان عبد الكريم .(٢٠٢٢). التعرف على اثر استراتيجية عين العقل في التنور العلمي لدى طالبات الصف الثاني المتوسط بمادة العلوم [رسالة ماجستير غير منشورة]. جامعة ديالى .

عمران ،علي متعب .(٢٠٢٢). اثر استراتيجية عين العقل في تنمية التفكير الاستدلالي عند طلاب الصف الرابع الادبي مادة التاريخ [رسالة ماجستير غير منشورة]. جامعة ديالى.

القاضي ،دلال ومحمود البياتي .(٢٠٠٨). منهجية واساليب البحث العلمي باستخدام البرنامج الاحصائي *spss*. دار الحامد للنشر .

مجيد ،عبد الحسين رزوقي وياسين حميد عيال .(٢٠١٢). القياس والتقويم للطالب الجامعي .مكتب اليمامة للطباعة والنشر .

المندلاوي ،روناك غازي محمد.(٢٠٢٢).اثر استراتيجية الطاولة المستديرة في تحصيل مادة القراءة والادب الكردي.مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية ،٦١(٣)،٢٣٦٤-٢٣٨٤.

المنيزل ،عبد الله فلاح وعايش موسى غرايبة .(٢٠١٠).الاحصاء التربوي تطبيقات باستخدام الرزم الاحصائية للعلوم الاجتماعية (ط٢). دار المسيرة للطباعة والنشر.

الموسوي ،نجم عبدالله غالي .(٢٠١٥). النظرية البنائية واستراتيجيات ما وراء المعرفة استراتيجية الجدول الذاتي (**K.I.w**) انموذجا . دار الرضوان للنشر.

نامق،زاكروزقادر.(٢٠٢٢). أثر انموذج التعلم ثنائي الموقف في تصحيح مفاهيم قواعد اللغة الكردية المغلوطة.مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية، ٦١(٣)،٢٤٨٢-٢٥٠٠.

نشواتي ،عبد المجيد. (٢٠٠٣).علم النفس التربوي. دار الفرقان للنشر والتوزيع.

الهاشمي ،عبد الرحمن عبد علي ومحسن علي عطية .(٢٠٠٩).تحليل محتوى مناهج اللغة العربية رؤية ونظرية تطبيقيه .دار صفاء للنشر .

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

Sekolah,T.(٢٠١٧). ***AppLying Mind to'S Eye Strategy To Improve Student's Reading Comprehension At The Second Year Students Shmic -Of Sman Binaan Khusus Dumai J***,VOL(٤NO(٢.

Warren,R.G.(١٩٩٧). ***Engaging students in Active Learning About campus***, Mar./Api.,p.p.١٦-٢٠.